# دنیای منداڵان

١٥١

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە



پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

منداڵە خۆشەویستەکان! ئەوکاتەتان باش، ئاواتم ساغ و سڵامەتیتانە.

منداڵەکان! ئەرێ ئێوە چەندە گرینگی بە خوێندنەوە دەدەن و حەزتان لە کتێب خوێندنەوەیە؟ئێوە دەبێ هەوڵ بدەن جیا لە کتێبە دەرسیەکانتان رۆژانە کاتێکیش تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی کتێب. دەتوانن ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە پێوەندی بە کتێبە دەرسیەکانتان هەیە و لە باشتر کردنی دەرسەکان یارمەتیتان دەدەن، یان کتێبی چیرۆک و هەر بابەتێک کە حەزتان لێیە بیخوێنەوە. چونکە بە خوێندنەوەی کتێب بیرو هۆشتان بەهێز دەکا، رادەی زانیاریتان دەباتە سەرێ و دەبێتە هۆی ئەوە کە جیهانی دەوروبەرتان باشتر بناسن. بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووتان.








عەلی ئەشرەف دەرویشیان

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە ٣ی خەرمانان ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو. لە ساڵی ١٣٣٧ کۆلێژی سەرەتایی پەروەردەی مامۆستای تارانی تەواو کردوەو وەک مامۆستا چۆتە گوندەکانی دەوروبەری کرماشان وگیلان. لە ساڵی ١٣٤٥ دەستی کرد بە خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تاران و بروانامەی کارناسیی وەرگرتو دواتر لە کارناسیی باڵای دەروونناسی پەروەردەیی مەدرەکی وەرگرت، هاوکاتیش لە زانستگای باڵای پەروەردەی مامۆستای تاران خوێندنی خۆی لە رشتەی راوێژکاری و رێنمونی بۆ فێرکاریی درێژە پێدا.

دەروێشیان لە سەردەمی حکوومەتی محەممەدرەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٠ تا ١٣٥٧ سەبارەت بە نووسینی کتێبی «لەم وڵاتەوە» و چالاکیی سیاسی، سێ جار دەستبەسەر دەکرێ. ئەو، یەکەم جار لە کرماشان و بە ماوەی ٨ مانگ دەستگیر کرا، بەڵام پاش ٢ مانگ ئەم جارە لە تاران دەستگیر کراو سزای ٧ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا. هەروەها بە ئەم تاوانە لە زانکۆ و هەروەها لە مامۆستایەتییش دەرکرا. دەستگیریی سێهەمی دەروێشیان لە ١٣٥٣ بوو کە حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، دەرویشیان لەم رێکەوتە هەتا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیران لە زیندان مایەوە.

بابەتی کارەکانی دەروێشیان خەڵکی هەژارو بندەستن. ئەو هەروەها لە زۆربەی کارەکانیدا لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی دەنووسێت. دەروێشیان دەڵێت لە کاتی منداڵی و لە چیرۆکەکانی دایەپیرەکەی لەگەڵ چیرۆک و چیرۆکبێژی ئاشنا بووە و هەروەها بارودۆخی فەرهەنگیی ساڵانی ٣٠ی کۆچیی هەتاوی لە گەشەبوونی بیری خۆی کاریگەر دەزانێت. دەرویشیان یەکەمین چیرۆکی خۆی کە قەت بڵاو نەکراوە لە بەندیخانەی دیزل ئابادی کرماشان نوسیوە. ئەو، لە کارەکانی هەروەها سەبارەت بە قوتابیەکانی خۆی و خەڵکی چەوساوەی شاری کرماشان و گوندەکانی دەوروبەری دەنووسێ و توژێک لە نەداریەکان و کێشەکانی خەڵکەکە ئاشکرا دەکات.

دەروێشیان دەڵێت بەدوای مردنی سەمەد بێهرەنگی لە ساڵی ١٣٤٨دا بریاری داوە رێگەکەی درێژە پێبدا.

ئا: نێعمەت مەلا

# وەرزی زستان



هاتەوە وەرزی زستان
بەفرانبار و ڕێبــەندان
کـاتی خۆداپــۆشینە
سەرما لێمان بەقینە
دەبێ خۆم باش داپۆشم
دوایی نەڵێم نەخۆشم
زستان لەلام پیرۆزە
گەرچی تووش و بزۆزە
بۆیەش پیرۆزە بۆمان
چونکی مانگی ڕێبەندان
لەنێو ئەم وەرزە دایە
بۆکوردان وەک چرایە
ڕۆژی دووی ڕێبەندانە
هەموومان جێژنەمانە
ڕۆژی کوردی وشیارە
دامەزرانی کۆمارە
بەدەستی پێشەواوە
ئاڵای کوردان شەکاوە



ڕەسوول سولتانی

# هاچیکو (چیرۆکێکی ڕاستەقینە)

هاچیکو ناوی ئەو سەگەیە کە ژیانی ئەو وەکو ئەفسانەیەکی لێهات و هەتا ئێستاش دەگێڕدرێتەوە. هاچیکو گۆڵەسەگێکی سپییە کە لە ئوداتەی ژاپۆن، لە مانگی نوامبری ساڵی ١٩٢٣ لەدایک بووە. هاچیکۆ تەنیا ٢ مانگ بووە، کە بەهۆی شەمەندەفەری ئوداتەوە بەرەو تۆکیۆ نێردراوە. لە ڕێگاو لە کاتی گەیشتنیدا قەفەزەکەی هاچیکۆ لەسەر بارهەڵگرەکەوە بەردەبێتەوە و هاچیکۆ لە قەفەزەکەی دێتە دەرەوە و ون دەبێت و ناتوانێت بچێتە ئەو شوێنەی کە بۆی دیاری کراوە. لە کاتێک دا کە هاچیکۆ لەم لا بۆ ئەو لا دەڕوات، یەکێک لە موسافیرەکانی شەمەندەفەرەکە دەیدۆزێتەوە و بڕیار دەدات بیباتەوە ماڵەکەی خۆی و پارێزگاری لێ بکات. ئەم کەسەش پرۆفیسۆری زانکۆی تۆکیۆ دوکتور شابرو ئوئنو بوو. پرۆفیسۆر، زۆر سەگەکەی خۆش ویستوە و زۆرترین کاتی بۆ پارێزگاری کردن لەو سەگە تەرخان کردوە. ئەو سەگە قەلادەیەکی لە مل دابووە کە ژمارە ٨ ی بەسەرەوە بووە، لە زمانی ژاپۆنی دا بە ژمارە ٨ دەوترێت هاچی و هێمای شانس و سەرکەوتنە)، هەر لەبەر ئەمە بووە کە پرۆفیسۆر ناوی سەگەکەی ناوە هاچیکۆ. ماڵی پرۆفیسۆر لە قەراغی شاری تۆکیۆ بووە و بۆ چوونە زانکۆ، هەموو ڕۆژێ ڕووی لە وێستگەی شەمەندەفەرەکانی شیبۆئی کردووە و کاتژمێر ٣ یش گەڕاوەتەوە. ڕۆژێکیان هاچیکۆ وەدوای پرۆفیسۆر دەکەوێت و دەچێتە وێستگەی شەمەندەفەرەکان، پرۆفیسۆر زۆر هەوڵ دەدات بیگەڕێنێتەوە بەڵام هاچیکۆ بەقسەی ناکات و بە ناچاری بۆخۆی دەیباتە ماڵەوە و لەو شەمەندەفەرە بەجێ‌دەمێنێت. بەڵام کاتژمێر ٤ و لە کاتی گەڕانەوەدا سەری سوردەمێنێت کاتێک دەبینێت هاچیکۆ لە بەردەم وێستگەکەدا وەستاوە و چاوەڕوانیی ئەو دەکات. لەوڕۆژە بەدواوە هەموو ڕۆژێک هاچیکۆ بۆ بەڕێ کردنی پرۆفیسۆر هەتا وێستگە دەچوو و لە کاتی گەڕانەوەشی دا چاوەڕوانی دەکرد و بەیەکەوە بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوتن. هەموو فرۆشیاران بە گشتی و تەنانەت موسافیرانی شەمەندەفەرەکانیش هاچیکۆیان دەناسی و




سەریان لە پەیوەندیی هاورێیەتیی هاچیکۆ و پرۆفیسۆر سوورما بوو. ساڵی ١٩٢٥ پرۆفیسۆر لە زانکۆ لە کاتی وانەوتنەوە دا جەڵدەی دڵ لێیدەدات و گیانی لە دەست دەدات. هاچیکۆ ئەو کاتە کە تەمەنی تەنیا ١٨ مانگ بووە هەتا شەو بەرامبەر وێستگەکە چاوەڕێی خاوەنەکەی کردووە. خێزانی پرۆفیسۆر دەچن و هاچیکۆ دەبەنە

ماڵەوە. بەڵام هاچیکۆ هەموو ڕۆژێ دەچێتە وێستگەی شەمەندەفەرەکان و چاوەڕێی پرۆفیسۆر دەکات، تەنانەت ئەو کاتانەی کە بنەماڵەی پرۆفیسۆر ڕێگریان لێکردووە، ئەو هەڵاتووە و بە هەر شێوەیەک بووە کاتژمێر ٤ خۆی گەیاندۆتە وێستگەکە. ئەو ڕەفتارانەی هاچیکۆ وای کرد خەڵکانێکی زۆر و هەواڵنێرەکان ڕوو لە وێستگەی



شەمەندەفەرەکانی شیبوئی بکەن. هەموو دەیان ویست لە نزیکەوە ئەو سەگە ببینن و بە چاوی خۆیان وەفاداری ئەو سەگە بۆ خاوەنەکەی هەست پێ بکەن. هاچیکۆ ماڵی پرۆفیسۆر بە جێ دەهێڵێت و لە ژێر شەمەندەفەرێکی کۆن و وەستاو دا ژیان بەسەر دەبات و هەموو ڕۆژێ کاتژمێر ٤ چاوەڕوانی خاوەنەکەی دەبێت، هیچ شتێکیش نەیتوانیوە لەو چاوەڕوانییە دڵساردی بکەنەوە. تا ئەو کاتەی کە لە مانگی مارسی ١٩٣٤ دا و لە تەمەنی ١١ ساڵ و ٤ مانگی دا ژیانی کۆتایی پێدێت. هەواڵی وەفاداری ئەم سەگە بە ناو ژاپۆن دا بڵاو بۆوە و پەیکەرێکی لە بەردەم وێستگەی شەمەندەفەری شیبۆئی دا لێ درووست کرا. هەتا ئەمڕۆش پەیکەری هاچیکۆ لەبەردەم وێستگەکەدا چاوەڕێی خاوەنەکەی، پرۆفیسۆر دەکات. لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەم دا پەیکەری ئەم سەگە وەفادارە لەناوچوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧ دا سەر لە نوێ دروست کرایەوە. پەیکەری دووەم وەک پەیکەری یەکەم جوان دروست نەکرابوو، بەڵام دروستکردنی پەیکەرێک لە هاچیکۆ لە شوێنی چاوەڕوانی کردنی بۆ پرۆفیسۆر، گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە.

جیتاروناکاگاوا سەرۆک وەزیری ژاپۆن، ئەنجومەنێکی بۆ پاراستن و پەروەردەکردنی نژادی ئاکیتای پێک هێناو پەیکەرێکی بۆ یادی هاچیکو دروست کرد.

**وەرگێرانی: هانا وریا**

# منداڵینە! بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن!



# بەهێزو ماندوونەناس

منداڵەکان! ئەرێ ئێوە دەزانن مێروولەکان بەهێزترین گیانداری وشکانین؟!
ئەدی دەزانن بۆ؟ چونکە دەتوانن چەند بەرابەری کێشی خۆیان شت هەڵگرن.
کاتێک لێکۆڵەران سەیری ئەنباری خواردنی مێروولەکان دەکەن سەریان سورِ دەمێنێ لەو هەموو خواردنەی کۆیان کردۆتەوە، جا ئەوەش هیچ کە چەندە بە رێکوپێکی لەسەر یەکی هەڵدەچنن.
شتێکی دیکەی گرینگ کە مێروولەکان دەیکەن ئەوەیە کاتێک دانەوێڵە کۆ دەکەنەوە لە نێوەراست را لەتی دەکەن، ئەدی دەزانن ئەوە بۆ دەکەن؟
ئافەرین منداڵی ژیر! وایە. بۆ ئەوەی شین نەبنەوە بەڵام ئەوان تۆوی کاڵەک دەکەنە چوار بەش، چونکە دەزانن ئەگەر لە نێوەراسترا لەتی بکەن لەوانەیە لەگەڵ تەرِ بوون شین بێتەوەو هێلانەکەیان لێ تێک بدا.
ماوە ئەوەش بڵێین تا بیزانن. لێکۆڵەران پێیان وایە نزیکەی یەک میلیۆن میلیارد مێروولە لەسەر گۆی زەوی دەژین، زۆرە وانییە؟

وەرگێران لە فارسییەوە: مینا







سڵاو منداڵەکان!

وانەی ئەم جارەمان تایبەتە بە کەش و هەوا(Weather):

What’s the weather like today?

ئەمڕۆ هەوا چۆنە؟

It’s windy.

بای دێ

It’s rainy.

باران دەبارێ

It’s sunny.

خۆرەتاوە

It’s hot.

گەرمە

It’s cold.

باردە

It’s snowy.

(بەفریە)بەفر دەبارێ

It’s cloudy.

هەورییە

It’s rainy and wet.

هەوا بارانی و تەڕە







چاو لە دەرێ بکەن و پێمان بڵێن کە ئەمڕۆ هەوا چۆنە؟

کاوە ئاهەنگەری

# دارستان و گیانلەبەران







منداڵینە دەزانن دارو دارستان بۆ گیانلەبەران وەک ماڵ وایە؟! چۆن ماڵ بۆ مرۆڤ پێویستە هەبێ دارستانیش بۆ گیانلەبەران ئاوا پێویستە.

بۆ نموونە:

سمۆرە ماڵەکەی لەسەر چڵێ دار دروست دەکاو تێیدا دەژی، یان خواردنی زستانێی تێدا دەشارێتەوە.

باڵندەکانیش هەر لەسەر چڵێ دارەکان هێلانەکانیان دروست دەکەن‌و لقو پۆپی دارەکان ناهێڵن با هێلانەکەیان لێ بشێوێنێ.

تازە! مرۆڤەکان دەتوانن گەڵای هێندێک لە دارەکان بخۆن‌و جگە لەوانیش گیانلەبەرانی وەک: کوالاو فیل‌و زەڕافەو زۆر گیانلەبەرو ئاژەڵی دیکەش خواردنی سەرەکیان گەڵای دارەکانە.

گەڵاکان جیا لەوەی دەخورێن، ئۆکسیژێنیش دروست دەکەن‌و هەوا خاوێن دەکەنەوە.

هەر ئەوەندە نییە! گەڵا وشکەکانیش لەگەڵ خاک تێکەڵ دەبن‌و دەبنە کوودو سوودێکی زۆری بۆ عەرزو گژو

گیاکان هەیە.
لەگەڵ هەموو ئەوانەدا مرۆڤ دەتوانێ لە دار مێزو دەرگاو کاغەزو زۆر شتی بەسوودی دیکە دروست بکا.
بەڵام پێویستە بیزانین کە ئەگەر دارستان نەبێ ئاسمان هەوای خاوێنی نابێ، زۆربەی گیانلەبەرانیش لەبرسان دەمرن، زەوی لە نێو دەچێ و ئیدی شوێنێک بۆ ژیان نامێنێ، کەوابوو دەبێ هەوڵ بدەین هەم ئاگامان لە دارو دارستان بێ و، ئەوەندەی توانیشمان لە وەرزی خۆیدا نەمام بچێنین!

ئا: نارین







# سوودەکانی خواردنەوەی ئاو

**هێندێک ڕێنوێنی لەبارەی خواردنەوەی ئاوەوە:**

ئەگەر ئاو بە ڕێژەی گونجاو بخورێتەوە، ئەوا ئۆکسیژنی پێویستی لەش بەرهەم دێت. هەروەها یاریدەی مێشک دەدات بۆ ئەوەی کە بتوانێت چاودێری بەسەر پلەی گەرمی لەش دا بکات. ئاو بۆ شێدار هێشتنەوەی چاوەکان، لووت و زار پێویستە. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە، ئاو٦٠٪ کێشی لەشی هەر مرۆڤێک پێک دێنێت، کە ڕۆژانە بە هۆی ئارەق کردن، میز کردن و هەناسە دانەوە ئەم ڕێژەیە کەم دەبێتەوە.

بۆیە خواردنەوەی ئاو بە ڕێژەیەکی زۆر پێویستە، ئەم ڕێژەیەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر جیاوازە. بە ڕەچاو کردنی ڕەگەز و تەمەن و چالاکییەکانی لەش و ئاو و هەوا وتووشبوون بە نەخۆشی و ..... هتد.

- ١. پێش ئەوەی هەست بە تینوێتی بکەی، ئاو بخۆرەوە. ٢. پێش ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی وەرزشی و لە کاتی ئەنجام دان و لە دوای چالاکییەکەش خواردنەوەی ئاو پێویستە. ٣. ئاو لە جیاتی خواردنەوەکانی تر بەکاربهێنە، لەگەڵ ئەوەش دا لە ڕێگەی تەماتە، کەرەوز، کاڵەک، شووتی و خەیاریش ئاو دەچێتە لەشەوە. ٤. خواردنەوەی لیوانێک ئاو، نیو کاتژمێر پێش ژەمەکان یارمەتی زووتر هەرس کردنی خۆراک دەدات. ٥. خواردنەوەی ئاو یارمەتی چالاکتر بوونی ئەندامەکانی لەش دەدات. ٦. خواردنەوەی لیوانێک ئاو پێش خۆ شوشتن، یارمەتی کەم بوونەوەی فشاری خوێن دەدات. ٧. بۆ خۆ پاراستن لە جەڵدەی مێشک و ڕاوەستانی دڵ باشتر وایە پێش خەوتن لیوانێک ئاو بخۆیتەوە. بەشێوەیەکی گشتی سوودەکانی ئاو بریتین لە :- ١. هێشتنەوەی پێست بە تەندروستی، ئاو یارمەتی شێدار مانەوەی پێست دەدات، ئەمەش

دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لە پیری و چرچ بوونی پێست. ٢. لەبەر ئەوەی پێکهاتووی مێشکی هەر مرۆڤێک ڕێژەیەکی زۆری ئاو تێدایە، کەواتە کەم ئاوی دەبێتە هۆی ژانەسەر. ٣. کەمیی ئاو دەبێتە هۆی دروست بوونی ژانێک لە ناوچەی پشت و کەمەری مرۆڤ دا، چونکە لە کاتی ئەنجام دانی چالاکییەکان دا، ئاو یارمەتیی بڕبڕەکانی پشت دەدەن بە شێداری بمێننەوە و ئەمەش یارمەتیی ئاسان جووڵانیان دەدات. ٤. خوارنەوەی ئاو یاریدەی کەمکردنەوەی بۆنی ناخۆشی دەم دەدات. ئاو ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە لەناوبردنی ئەو بەکتریایانەی لە ناو دەم دا دەمێننەوە . لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا زمان پێویستی بە ئاوە.

٥. دەتوانین بەهۆی ئاوەوە یارمەتیی هەرس کردنی زووتری خۆراک بدەین و خواردنەوەی ئاو لە بەیانیان دا دەتوانێت چارەسەرێک بێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەست بە ڕشانەوە دەکەن.

**هانا وریا**



# ڕێوی فیڵباز

مەیموونێکی چکۆلە لە ناو دارستانێک دا دەژیا. ئەو، تاجێکی لەسەر سەری بوو. ڕۆژێک ڕێوی فیڵباز تەماحی لەو تاجە کردو بیری لەوە کردوە کە بە هەر شێوەیەک بێ ئەو تاجە لە مەیموونەکە بستێنێ.

بەیانییەک میموونە بچکۆلەکە لەسەر دارێک خەریکی یاری کردن بوو، لە ناکاو مام ڕێویی لێ‌پەیدا بووو لێی چووە پێشەوە وتی: هەتا ئێستا مەیموونی وەک تۆ جوانم نەدیوە، بە تاجەوە هەر دەڵێی پاشای دارستانی! بەڵام پاشای دارستان دەبێ وەزیر و ڕاوێژکاری هەبێ. ئەگەر ئیزن بدەی من دەبمە ڕاوێژکاری جەنابت.

مەیموونە بچکۆلەکەش زۆر خۆشحاڵ بوو و باوەڕی بە قسەکانی مام ڕێوی کردبوو، هەرچی ئەو پێی دەگوت بە قسەی دەکرد.

مام ڕێوی کەمێکی‌تر هاتە پێشەوەو وتی: ئێستا کە تۆ بووی بە پاشای دارستان لەسەر دارەکە وەرە خوارێ با بە هەموو ئاژەڵەکانی دارستان بتناسێنم.

کاتێک مەیموونەکە لەسەر دارەکە هاتەخوارێ مام ڕێوی لەبەرە خۆیەوە وتی ئێستا دەبێ کارێک بکەم کە تاجەکە لەسەر سەری بەربێتەوە خوارێ. ئینجا ڕووی لە مەیموونەکە کرد و وتی: هەرچییەک پێت دەڵێم دەبێ بە قسەم بکەی. دەبێ هەموو ئاژەڵەکان بەژن و باڵات ببینو لێت بترسن، ئێستا دەستێکت بەرز بکەوە،سەریشت کەمێک بەرز بکەوە، نا



نا سەرت کەمێک داخە، مەیموونەکە هەرچییەک ڕێوی پێی دەگوت بە قسەی دەکرد. کاتێک سەری دانواند تاجەکەی لەسەر سەری کەوتە خوارەوە، مام ڕێویش بە پەلە تاجەکەی هەڵگرت ڕای کرد، مەیموونەکە هەستی پێکرد کە مام ڕێوی فێڵی لێ کردوە و زۆر نارەحەت بوو، بەڵام تازە هیچی لە دەست نەدەهات...

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: پەیام**

# چیرۆکی فەرش شوشتنی مشکان

فەرشی مشکەکان زۆر پیس و چڵکن ببوو. ئەوان دەبوا حەتمەن بیانشوشتبایە. مشکەکان خۆیان لێهەڵکرد کە بیشۆن، بەڵام هیچیان نەبوو پێی بشۆن. هەر بۆیە چوون ئەنباریان سەرو ژێر کرد تاکوو فڵچەو فاف بدۆزنەوەو فەرشەکەیانی پێبۆشن.

گەڕان و گەڕان تاکوو فڵچەیەکی ددانشوشتنیان دۆزییەوە. مشکەکان لە خۆشیان هەڵدەپەڕین چونکە فڵچەی دەسکداریان دۆزیوەتەوە، هەرچەند دەسکەکەی زۆر درێژ بوو بەڵام کاری ئەوانی پێ جێبەجێ دەکرا.

ئەدی منداڵەکان! بۆ شوشتنی فەرشەکەیان بێلیشیان دەویست، چوونە ئاشپەزخانەو کاردێکیان هێنا تا وەک بێڵ کەڵکی لێوەرگرن، بەڵام دایکیان لێیان تووڕە بووو گوتی: ئەوە کاردە زۆر مەترسیدارەو نابێ پێتان بێ.

مشکەکان چەقۆکەیان لە جێی خۆی دانایەوەو کەوگیریان هەڵگرت، ئەویش زۆر گەورە بوو! بەڵام قەیناکا باوکیان لەگەڵ بوو تا هاوکارییان بکا. ئێستا تەنیا کاسەیەکیان دەویست تا کەفی تێدا بگرنەوە، دایکیان تا کەوشێکی هێناو کەفاویان تێدا گرتەوەو ئەو کێشەیەشیان چارەسەر بوو.

ئەوان کەفاویان گرتەوەو دەستیان کرد بە شوشتنی فەرشەکە. مشکەکان زۆریان حەز لەو کەفاوەو خۆتەڕکردن بوو. بەو جۆرە فەرشەیان شوشت و هەڵیانخست.

دایکی مشکەکان گوتی: ئەوە تەواو بووین و هەڵمانخست هیوادارم ئەو خەڵکە کاریان پێی نەبێ تا وشکەوە دەبێ. ئاخر پێیان عەیب نییە جاری وایە بەبێ ئیزن دەچن شتی خەڵک هەڵدەگرن؟

باوکیان گوتی: کچێ خەمت نەبێ لە جێیەکمان هەڵخستوە دەستی کەسی پێناگا، تا ئێستا دیوتە فەرشی مشکان



ببینن؟!
بەڵێ منداڵەکان.. پاش ماوەیەک فەڕشەکەیان وشک بۆوەو رایانخستەوەو بەو جۆرە ماڵەکەیان ڕازایەوە..

**دارشتنەوەی: مینا سوڵتانزادە**

# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزانن شێر لە شەوو رۆژدا ٢٠ کاتژمێر دەخەوێ؟!



ئایا دەزانن کوندەکان لە دووریی ٥٠ میترەوە مشک دەبینن؟!



ئایا دەزانن کوسە لە جیاتی ئێسک غوزروفیان هەیە؟!



ئایا دەزانن ئاوی گەرم لە ئاوی سارد زووتر دەیبەستێ؟!



# دەنگ

دەنووسم لە سەر دیوار
لە سەر گوڵ و گەڵای دار
لە سەر دەرگاکەی ماڵمان
بژی ئازادی کوردستان
دەنووسم لەسەر دەفتەر
لە سەر چیاو دەشتو دەر
دەنووسم بە خامەی گۆگرد
بمرن دوژمنانی کورد
دەنووسم لەسەر کێڵگا
لە سەر هەزاران دەرگا
ئێمە کوردین بە هێزین
ئازادی دەپارێزین

**لەتیف هەڵمەت**

# فێرگەی نەقاشی!





ئاویەر فەقێعەلی



مانی حەیدەری



ژانیا شەهابیراد



ئارینا عەزیزی



نیگا و نیان



رۆزیتا ئەحمەدزادە



لیا رەسوڵزادە

